خێزانەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەموویان لەلای بوون، فاتیمە -ڕەزای خوای لێبێت- ڕووی تێکردین وهات بۆ لامان، ڕۆیشتنەکەی (ڕێکردنەکەی) هیچ جیاواز نەبوو لە ڕۆیشتنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: خێزانەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەموویان لەلای بوون، فاتیمە -ڕەزای خوای لێبێت- ڕووی تێکردین وهات بۆ لامان، ڕۆیشتنەکەی (ڕێکردنەکەی) هیچ جیاواز نەبوو لەڕۆیشتنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- (واتا: شێوازی ڕێکردنەکەی هەر لە شێوازی ڕێکردنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەچوو)، کاتێک بینی سڵاوی لێکرد وفەرمووی: «چۆنی کچەکەم»، لە پاشان لەلای ڕاست یان چەپی دانیشت، ودوایی چپەیەکی بۆ کرد، (فاتیمە) زۆر گریا، کاتێک بینی زۆر بێتاقەت بووە، چپەیەکی تری بۆ کرد، ئینجا پێکەنی، (عائیشە) دەڵێت: پێیم ووت (بە فاتیمەم ووت): پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تۆی تایبەت کرد لە نێو خێزانەکانیدا بە نهێنی کەچی تۆ دەگریت؟ کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەستا لێم پرسی: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چی پێ فەرمووی؟ (فاتیمە) ووتی: من نهێنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نادرکێنم، کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کۆچی دواییکرد، پێم ووت: سوێندت لێدەخۆم بەو مافانەی هەمە لەسەرت پێم بڵێی: ئەو ڕۆژە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چی پێ ووتی؟ (فاتیمە) ووتی: ئێستا بەڵێ، جاری یەکەم چپەی بۆ کردم هەواڵی ئەوەی پێدام: «کە جبریل ساڵی جارێك یان دوو جار قورئانم پێدەخوێنێتەوە، بەڵام (ئەم ماوەیە) دوو جار پێی خوێندمەوە، بەڕاستی من وادەبینم ئەجەلم نزیك بووەتەوە، لە خوا بترسە وئارام بگرە من باشترین پێشینم بۆ تۆ»، (فاتیمە) ووتی: گریام بەو گریانەی بینیت، کاتێک بێتاقەت بوونی منی بینی، دووەم جار چپانی بە گوێمدا: «ئەی فاتیمە ڕازی نابیت بەوەی لە گەورە ئافرەتانی باوەڕداران بیت، یان گەورەی ئافرەتی ئەم ئوممەتە بیت»، منیش پێکەنیم بەو پێکەنینەی بینیت.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باس ئەوە دەکات کە خێزانەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە لای بوون وپاشان فاتیمە هات -ڕەزای خوای لێبێت- بۆ ئەوەی پرسیار لە حاڵی باوکی بکات چونکە تووشی کۆتا نەخۆشی بوو کە تێیدا کۆچی دوایی کرد، وباسی ئەوە دەکات کە شێوازی ڕۆیشتنی فاتیمە -ڕەزای خوای لێبێت- هەروەکو شێوازی ڕۆیشتنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوو وخووی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەو شێوەیە بوو ئەگەر فاتیمە -ڕەزای خوای لێبێت- بهاتایە بۆ سەردانیکردنی هەڵدەستا ونێو چەوانی ماچدەکرد ولە تەنیشتی خۆی دایدەنا، بۆیە پێشوازی لێکرد ولە تەنیشتی دانیشت، پاشان عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- قسەیەکی بە نهێنی بۆ فاتیمە کرد کەچی زۆر گریا، کاتێک بینی زۆر دڵتەنگە قسەیەکی تری بە نهێنی بۆی کرد کەچی زۆر پێکەنی، عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری سەبارەت بەم نهێنیە کرد کە بە خێزانەکانی نەوتبوو، ئەویش (فاتیمە) ووتی: من هەرگیز نهێنی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئاشکرا ناکەم، کاتێک پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کۆچی دوایی کرد؛ عائیشە سوێندی خوارد کە فاتیمە دەبێت ئەو نێهنیەی بۆ باس بکات، فاتیمە ووتی: ئێستا بۆت باسدەکەم، هۆی گریانەکەم ئەوە بوو، کە یەکەمجار فەرمووی جبریل هەموو ساڵێک یەک یان دوو جار پێداچوونەوەم پێ دەکات، بەڵام لەم ماوەیە دوو جار پێداچوونەوەی پێم کرد، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گومانی وابوو کە نیشانەیە بۆ کۆتایی ماوەی ژیانی، وفەرمانی پێکردم کە لە خودا بترسم وتەقوادار بم وئارام بگرم، وپێمی فەرموو کە ئەو پلە وڕێزەی هەمە لەوەی کە پێشینی ئەوم دەبێت شوێنی خەفەت وناڕەحەتی کۆچی دوایی کردن وجیابوونەوەی بگرێتەوە، بۆیە زۆر گریام وکاتێک بینی دەگریم وزۆر دڵتەنگ بووم، موژدەی پێدام بەوەی کە من دەبم بە گەورە وسەرداری ئافرەتانی ئیمانداری ئەم ئومەتە لە بەهەشتدا، بۆیە پێکەنیم بەو شێوەیەی کە بینیت، وسەبارەت بە هۆکاری پێکەنینی چەند گێڕانەوەیەک هاتووە: 1. پێی فەرموو ئەو یەکەم کەس دەبێت لە بنەماڵەکەیدا

که له پاش کۆچی دوایی ئەو بمرێت. 2. پێی فەرموو که ئەو گەورە وسەرداری ئافرەتانی بەهەشتە وپەکەم کەسە له بنەماڵەکەی له پاش ئەو بمرێت؛ وئەم دووانە پێکەوە باسکراوە وئەمیش پەسەندترە. 3. بە فاتیمەی فەرموو که جبریل پێمی فەرمووە که فاتیمە زۆرترین نەوەی دەبێت له نێو ئافرەتانی مسوڵماندا بۆیە با کەمترینیان نەبێت له ڕوانگەی ئارامگرتنەوە. وئەم فەرمودەیە پێداگیری عائیشە دەردەخات -ڕەزای خوای لێبێت- لەسەر فێربوون وزانستی شەرعی چونکە بەپەلە بوو بۆ پرسیارکردن سەبارەت بە نهێنی ئەو قسەکردنە، بەڵام فاتیمەی پێی وابوو که ئەمە نهێنیە بۆیە باسی ناکات بەڵام له فەرموودەکەدا ئەوە نەهاتووە که پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی بفەرموێت ئەمە نهێنیە ولای کەس باسی مەکە بەڵام فاتیمە پێی باش نەبوو له ماوەی ژیانی باوکیدا باسی بکات؛ بەڵام پاش مردنی باوکی باسیکرد، وله فەرموودەکەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەو شتانە دەکات کە ڕوودەدات له داهاتوودا ئەویش مردنی فاتیمەیە، وزانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە فاتیمە -عليها السلام- یەکەم کەس بوو له ئەهلی بەیت (له بنەماڵەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-) کە وەفات بکات له پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تەنانەت پێش وەفات کردنی خێزانەکانیشی بوو -ڕەزای خوایان لێبێت-.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3139